# شارەکان و پێکهاتە نەتەوەیی وئایینییەکانی هەرێمی خوراسان لە سەدەکانی (٤و ٥ کۆچی/ ١٠و ١١ زاینی) دا

**توێژەر: کامل حبیب رشید ,سەرپەرشتیار: پ.ی.د. شوان عثمان[١]**
١ خوێندکاری ماستەر لە بەشی مێژوو- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی
Kamil_habib@ymail.com

**ملخص البحث**

تهدف هذه الدراسة المعنونة ب(مدن إقليم خراسان ومكوناته القومية والدينية) إلى تقديم صورة تاريخية عن أحد أقاليم التى لعبت دورا مركزيا في تاريخ الحضارة الإسلامية. وتكمن أهميتها في أنها تزود القاريء- بمعلومات جمة عن أشهر مدن خراسان، ومكوناتها العرقية والدينية المختلفة.

تتكون الدراسة من مقدمة واربعة مباحث، تقفوها خاتمة، قدم الباحث فى المبحث الأول لمحة تعريفية عن إقليم خراسان في القرنين الرابع والخامس الهجريين المطابقين للقرنين العاشر والحادي عشر الميلاديين. وخصص المبحثالثانى للحديث عن أهم مدن خراسان التي تتكون من (نيسابور، مرو ، بلخ وهرات). ويتناول المبحثالثالث أبرز المكونات القومية. أما المبحثالرابع ، فهو يدرس المكونات الدينية مركزا على أواصر التعايش القوية التي جعلت خراسان موطنا لأديان عالمية مختلفة، وفي الختام، لخص الباحث النتائج التي توصل إليها، وأردف ذلك بقائمة المصادر والمراجع.

**Abstract**

The purpose of this research titled (The cities of Khorasan Region and its ethnicity and religions) is to collect information on the region of Khorasan and its four famous cities along with the ethnic and religious groups this region has had. The benefit of this research is evident in revealing to readers and people in power the history of the region and its urbanization with the aim of enriching their knowledge.

The research contains four sections one of which includes an opening to introduce the Region of Khorasan during the fourth and fifth century of the Islamic Calendar (equivalent with the tenth and eleventh of the Gregorian calendar),The second section is to introduce the important cities of Khorasan in which we have talked of all four important cities of Khorasan (Naysabur, Balkh, Marv, and Herat). The third section is dedicated to explaining the ethnicity of the region in which the crucial ethnic groups are introduced. The fourth and last section is a description of various religions of the region. In this section it will be found that this region is home for a numerous world religions. At the end of the research, we have shown some conclusions we have reached along with granting credit to all used sources.

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیەمان هەوڵێکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەرێمی خوراسان وچوار شارە بەناوبانگەکەی، چونکەئەم هەرێمە وشارەکانی لە سەردەمی ئیسلامیدا ولە سەدەکانی ناوەڕاستدا گرنگی وکاریگەریەکی زۆری هەبووە.

توێژینەوەکە لە چوارباس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا ناساندنێکی گشتی بۆ خوراسان دەکرێت لەڕووی ناو وسنوری هەرێمەکە وپرۆسەی فەتحکردنی لەلایەن موسڵمانانەوە ، ولە باسیدووەمدا تیشک دەخرێتە سەر شارە بەناوبانگەکانی ئەم هەرێمە لەڕووی ناو ومێژووی بنیاتنانی، وگرنگی شارەکە لە سەردەمی ئیسلامیدا. باسیسێیەمتایبەت دەکرێت بە ڕوونکردنەوەی پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمەکە، تێیدا گرنگترین نەتەوە سەرەکیەکانی شارەکان ودەوروبەریان لە هەرێمەکەدا ڕوون دەکرێتەوە، باسیچوارەم وکۆتایی بۆ پێکهاتە ئاینیەکانی هەرێمەکەیە، کە چەندین ئاین مەزهەبی لەخۆی گرتووە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک دەخەینە ڕوو کە لە میانی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، سەرەڕای لیستی ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون. سەبارەت بەگرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکەمان گرفتی کەمی نوسینەکانە لەسەر هەرێمەکە وسنورەکەی، چونکە دووبارەی زانیاریەکان لە سەرچاوەکاندا زۆر دەبینرێت.

**باسی یەکەم**

**ناوی خوراسان وسنوری هەرێمەکە لە سەدەی ٤و ٥ کۆچی/١٠و ١١ زاینیدا.**

هەرێمی خوراسان بە هەرێمێکی خیلافەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دادەنریت، سەرەتا بۆ ناسینی ئەم هەرێمە لەڕووی ناو وسنورەوە دەست پێ دەکەین، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژوویی و وڵاتناسییەکاندا ڕوون دەبێتەوە، ئەگەرچی بۆچوونی جیاواز دەربارەی ناو وسنوری خوراسان لەم سەرچاوانەدا دەبینرێت، بەڵام تویژەر هەوڵ دەدات بەپێی توانا ڕوونیان بکاتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

**تەوەری یەکەم: ناوی خوراسان وواتای ناوەکەی.**

ناوی خوراسان کە لە زمانی عەرەبیدا بە (خراسان) دەنوسرێت وبە خوراسان دەخوێنرێتەوە، لە نێو سەرچاوەکاندا بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، بەکورتی سێ بۆچوونی جیاواز هەیە[(١)]، بۆچوونێکیان باس لەوە دەکات کە ناوی خوراسان دەگەڕێتەوە بۆ ناوی نەوەیەکی پێغەمبەر نوح ، بەناوی (خوراسان کوڕی عالج یان عالم کوڕی نوح). [(٢)] بۆچوونێکی دیکە بەم شێوەیەیە، گوایە وشەیەکی لێکدراوە پێکهاتووە لە وشەی (خر) بە واتای خۆر و(اسان) بە واتای شوێنی بنەڕەتی شتێک، لەم بۆچوونەوە خراسان بە واتای شوێنی هەڵهاتنی خۆر لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (مطلع الشمس)دێت.[(٣)]

بۆچوونی سێیەم باس لەوە دەکات کە ناوی خوراسان دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وشەی (خر یان خور) کە بە واتای تەواو یان هەموو دێت، وشەی (آسان) بە واتای ئاسان یان سانا دێت، بەم پێیەش واتای (خراسان)دەبێتە تەواو ئاسان

---

(١) بۆ زانینی تەواوی بۆچوونەکان بەیەکەوە بڕوانە: (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ط٢، مطبعة دار الصادر، بیروت-١٩٩٥م، ج٢/ ص٣٥٠).

(٢) ابن فقیە الهمداني: کتاب البلدان، تح/ یوسف الهادي، ط١، مطبعة عالم الکتب، بیروت- ١٩٩٦، ص٦٠١ ؛ المقدسي: أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم، ط٢، دار الصادر، بیروت- (د.س)، ص٢٦١.

(٣) السمعاني: الأنساب، تح/ عبدالرحمن معلمي، ط١، مطبعة دائرة المعارف العثمانیة، حیدرآباد- ١٣٨٢هـ، ج٥/ ص٧٠.

که لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (کل بسهولة) یان(کل بلا تعب) دێت، ئەمەش بۆ ئەوە گێڕدراوەتەوە کە وڵاتێکی پڕ خێر وبەرەکەتە وبژێوی تێیدا ئاسانە.(٤)

ئێمە پێمان وایە ئەو بۆچوونەی ناوی خوراسان دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکدراوی (خرِ- ئاسان) واتا تەواو ئاسان، ئەوە بەرامبەری وشەیەکە لە زمانی کوردیدا بەهەمان واتا (خرِ ئاسان)، ئەگەرچی (السمعانی) ئاماژە دەکات کە وشەکە دەرییە(٥). وشەی خرِ ئاسان لەگەڵ خوێندنەوەی خوراساندا نایەتەوە، کە لەزمانی عەرەبی وفارسیدا بە خوراسان دەخوێنرێتەوە، بەم پێیەش ئەو بۆچوونەی وشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ لێکدراوی (خور- اسان) بە واتای شوێنی هەڵاتنی خۆر زۆرتر نزیکە لە ڕاستیەوە وپاڵپشتی ئەم بۆچوونەش زیاترە(٦). سەرەتای ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان وگومان دەکرێت سەردەمی خوسرەو کوڕی ئانوشیروان بێت (٥٣١-٥٧٩ز) کاتێک ئەم پاشایە دەیەوێت ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەببات، بۆ ئەو مەبەستە وڵات دابەش دەکات بۆ چوار بەش و بەشی ڕۆژهەڵات ناودەنێت خوراسان(٧) واتا بەشی خۆرهەڵاتی ئیمراتۆریەتەکەی، ئەگەرنا پێشتر ئەم هەرێمە وناوچەکانی بەگشتی پێی وتراوە باختر.(٨)

**تەوەری دووەم: سنوری خوراسان.**

بەو پێیەی خوراسان هەرێمێکی کارگێڕی کۆنە ومێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئیسلامی وپێشتریش، لەبەرئەوە سەرەتا دەمانەوێت پێشەکیەک لەسەر سنوری ئەم هەرێمە پێش هاتنی فتوحاتی موسڵمانان بنوسین، پاشان سنورەکەی لە سەردەمی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکەمان بخەینە ڕوو.

خوراسان لە سەردەمی ساسانییەکاندا خراوەتە سەر ئیمپراتۆریەتەکەیان وبە چەند هەڵمەتێک شارە بەناوبانگەکانی داگیرکراوە، هەربۆیە لە ساتەوەختی فتوحاتی موسڵمانەکاندا ئەم هەرێمە سەربە ئیمپراتۆریەتی ساسانی بووە وبەشێکی سەرەکی چواربەشەکەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی پێکهێناوە.(٩)

خوراسان لە سەردەمی ساسانییەکاندا دابەش کرابوو بۆ چوار بەشی کارگێڕی کە هەر بەشێکی شارێک ناوەندی بووە، شارەکانیش هەر چوار شاری (بلخ وهرات ومرو ونیشاپور) بوون. کە لە گەڵ ئەم شارانەدا چەندین ئاوایی وشارەدێی تر بەڕێوەدەبران کە کۆی هەرێمەکە لەم سەردەمەدا شارەکانی نیشابور وهرات ومرو ومروروذ وفاریاب وطالقان وبلخ وبخارا وباذغیس وباورد وغرشستان وطوس وسرخس وجرجان لەخۆدەگرت وکۆی هەرێمەکە یەک

(٤)البکري: معجم ما استعجم من أسماء البلاد والمواضع، تح/ سقاء مصطفی، ط٣، مطبعة عالم الکتب، بیروت-١٤٠٣هـ، ج٢/ ص٤٩٠.

(٥)السمعاني: م.س، ص٧٠.

(٦) السمعاني: ن.م، ص٧٠ ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە بڕوانە: (علی کرم همداني: خراسان، دائرة المعارف بزرگ اسلامی، چ١، انتشارات مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران-١٣٦٧ش، مج٢٢/ ص ص ١٥٤ بە دواوە.)

(٧) علی کرم همداني:: م.پ، ص١٥٤.

(٨) باختر: ناوی شانشینێکی نیوە ئەفسانەیی کۆنتر بووە وبنکەکەی شاری بەڵخ بووە، هەربۆیە دەبینین موسڵمانەکانیش نازناوی (ام البلاد)یان بەکار دەهێنا بۆ شاری بەڵخ، کە بەواتای دایکی وڵاتان دێت، ئەمەش لەبەرئەوەی چەندین شاری دیکە سەربەم شارە بوون وەکو شاری مەرو، بڕوانە: (بارتولد: ترکستان نامه، ترجمه: کریم کشاورز، چ٢، انتشارات آگاه، تهران-١٣٦٦ش، ج١/ ص١٩٢.)، جگە لەوە باختر، بە واتای ڕۆژئاواش هاتووە چونکە جیاکراوەتەوە لە وشەی پاختر کە بەواتای باکور دێت، بڕوانە : (علی کرم همداني: م.پ، ص ١٥٤)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەم توێژینەوەیەمان، باسی یەکەم، تەوەری سێیەم، ل ١٠.

(٩) علی کرم همداني: م.پ، ص ص١٥٤-١٧٤.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرۆک هەرێمی هەبووە وسەربە ساسانییەکان بووە وپێی وتراوە (اصبهذ)[١٠] ، وبنکەی سەرەکی هەرێمەکە شاری نیشاپور بووە و(اصبهذ)ی خراسان لەم شارەدا دانیشتووە.[١١]

ئەم دابەشبوونەی خوراسان لەگەڵ هەڵمەتی عەرەبەکاندا وەکو خۆی مایەوە، واتا لەسەردەمی موسڵمانەکانیشدا خوراسان چوار هەرێم بووە ودابەشبوونە کارگێڕییەکەی ساسانییەکانیان هێشتەوە، بەڵام بەپێی سەردەمە جیاوازەکان فراوان بوونی بەخۆیەوە بینیوە، لەم بارەیەوە مەقدسی شارەکانی خوراسان دیاری دەکات وهەرێمەکە دابەش دەکات بۆ چەندین بەش، یەک بەیەک ناوی شار وئاواییەکانی ئەم هەرێمە دەهێنێت، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە هەرێمەکە لە چوار بەشەوە دابەش بوونەکەی دەگۆڕێت بۆ نۆ بەش.[١٢]

سەبارەت بە سنوری هەرێمی خوراسان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، (الأصطخري) دەڵێت: "سنورەکەی لە ڕۆژهەڵاتیەوە ناوچەکانی سجستان و وڵاتی هند دەورەی داوە ولە ڕۆژئاوایشەوە بیابانی غوزی وناوچەکانی جورجان، وباکوری بە وڵاتی ئەوبەر ڕووبار وشتێک لە وڵاتی تورک دەگات، وباشورەکەی بە بیابانی فارس وقومس"[١٣]. بەم پێیەی سنوری خوراسان لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دیاریکراوە وجودایە لە هەرێمەکانی (ماوراءالنهر وخوارزم).

بۆ زانینی سنوری هەرێمەکە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا زیاتر پشتمان بە بۆچوونەکەی یاقوت الحموی بەستووە لەبەرئەوەی نزیکترین سەرچاوەیە بۆ زانیاری دەربارەی سەدەی پێنجەم ونزیکییەکی زۆریشی هەیە لەگەڵ بۆچوونەکەی (الأصطخري) دا ویاقوت که لە ساڵی (٦٢٦ک/ ١٢٢٩ز) مردووە تاکە سەرچاوەی ڕەسەنە دوای سەدەی پێنجەم بەم شێوەیە باسی خوراسان بکات، کە دەڵێت: "وڵاتێکی فراوانە، سەرەتای سنورەکەی لە عێراق وقەصەبەی جوین وبەیهەقەوەیە، وکۆتایی سنورەکەی دەگاتە هیند وطخارستان وغزنە وسجستان وکرمان، ئەوەش بەشێک نیە لێی بەڵکو دەوروبەری سنورەکەیەتی".[١٤]

دەربارەی شارە گەورە وشارە نیمچە گەورەکانی خوراسان لەم ماوەیەدا بە گشتی ناوی ئەم شارانە هاتووە: لە شارە هەرە گەورەکان، بەڵخ ونیشابور وهرات ومرو، ولە شارەکانی تری لەوان بچوکتر بەس بەناوبانگ، طالقان وقوهستان و

---

(١٠) اليعقوبى: تاريخ اليعقوبى، تح/ محمد صادق بحر العلوم، ط١، منشورات المكتبة الحيدرية، العراق –النجف، ١٩٦٤ز)، ج١، ص١٥٤ ؛ ئەم وشەیە (اصبهذ) کە بە چەندین شێوەی وەک (اصبهبد، اسپهبذ، اصفهبذ) لە سەرچاوەکاندا هاتووە، پۆستێکی سەربازی وکارگێڕی سەردەمی ساسانییەکان بووە، کە بۆ هەریەکە لەو چوار هەرێمەی سەردەمی خوسرەو کوڕی ئانوشێروان (٥٣١-٥٧٩ز) دانرابوو، و وشەکە فارسی دەریە ولە بنەڕەتدا اسپاه سالار بووە وعەرەبەکان گۆڕیویانە بۆ (اصبهذ) بە واتای سوپاسالار، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (عبدالحی حبیبی: تاریخ افغانستان بعد از اسلام، چ١، انتشارات افسون، تهران-١٣٨٠ش، ص ٨١.)، ئەگەرچی بەبۆچوونی ئێمە پێ دەچێت ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا (اسپاه باز) بە واتای سەرۆک سوپا یان پاشای سوپا یاخود فەرماندەی سوپا دێت، چونکە وشەی باز کۆنە ولە مێژوودا بەکارهاتووە، وەک لە مێژووی کوردی سەردەمی ئیسلامیدا دامەزرێنەری میرنشینی مەروانی میرباز یان میرباد یان میرباذ، ئەم نازناوەی هەبووە، کە ابن الاثیر بە واتای پاشا ڕاڤەی دەکات. بۆ ئەم زانیاریە بڕوانە: (لە ابن الأزرق الفارقی: تاريخ ميافارقين، تح/ كريم فاروق الخولى ويوسف بالكون، ط١، مطبعة نوبهار، استانبول-٢٠١٤، ص٤٤٩ بە (باد) هاتووە ؛ لە ابن الأثير: الكامل فى التاريخ، تح/ أبى الفداء عبدالله القاضى، ط١، دار كتب العلمية، بيروت-١٩٨٧، مج٨/ ص٤١٥ بە (باذ)هاتووە ؛ بەڵام لە ابن تغرى بردى: النجوم الزاهرة فى ملوك مصر والقاهرة، ط٢، مطبعة دار كتب العلمية، مصر-د.س، مج٤/ ص١٤٥، بە (پاد) هاتووە).

(١١) على كرم همدانى: م.پ، مج٢٢/ ص١٥٤-١٧٤.

(١٢) أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، م.س، ص ص٢٩٤-٣٠٤.

(١٣) المسالک والممالک، تح/ محمد جابر عبدالعال حينى، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة- ٢٠٠٤، ص١٤٥.

(١٤) م.س، ج٢/ ص٣٥٠.

طوس و نسا و أبيورد و سرخس و أسفزار و بوشنج و باذغيس و گنج رستاق و مرووذ و جوزجان و غرج الشار و الباميان و طخارستان و زم و آمل.(١٥)

شایانی باسکردنە بۆچوونی جیاواز هەیە لەو بۆچونانەی سەرەوە، بەتایبەت بۆ شارەکانی خوراسان وچوار بەشەکەی، زیاتر باس لەوە دەکەن هەرێمی (ماوراء النهر) ئەوبەرڕووبار سەر بە یەکێک لە چوار هەرێمەکەی خوراسانە، بەڵام ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی سەدەکانی چوارەم وپێنجەمی کۆچی پشت بە (الأصطخري) دەبەستین کە زیاتر لەلایەن (یاقوت الحموی) بەکارهاتووە ، ئەگەرچی هەندێک سەرچاوەی سەدەی چوارەم هەیە بۆچوونی جیاوازمان بۆ دەگێڕێتەوە[١٦]، بەڵام ئێمە پێمان وایە بۆچوونەکەی (الأصطخري) دڵنیاترە ولەلایەن جوگرافی ناسی ئیسلامی (یاقوت الحموی) هەمان بۆچوونمان دەست دەکەوێت، ولەلایەن نوسەرانی نوێوە پاڵپشتی کراوە، وەک جوگرافیناسی ئینگلیزی (کی لیسترنج) دەڵێت: "ناوی خراسان لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی گشتی، بە سەرجەم هەرێمە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی بیابانی گەورە تاوەکو چیاکانی هیند دەوترا"، بەڵام دواتر دەڵێت:"خوراسان، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکێک بوو لە هەرێمەکانی وڵاتی ئێران، کە لە ڕووباری جیحون تێ نەدەپەڕی لە باکوری ڕۆژهەڵات".[١٧] لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت کە کی لسترنج پێی وایە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستادا هەرێمی خوراسان زۆر فراوان بووە، بەڵام دواتر بچووک بۆتە بەو شێوەیەی کە هەندێک لە جوگرافیناسە موسڵمانەکان ئاماژەی پێ دەکەن .

**باسی دووەم**

**گرنگترین شارەکانی خوراسان**

بۆ بڕیاردان لەسەر گرنگترین شارەکانی خوراسان کە چەند شار دەگرێتەوە؟ پشتمان بە گێڕانەوەی سەرچاوەکان بەستووە سەبارەت بە پێگەی کارگێڕی شارەکە، دواتر گرنگی ئەو شارە لەڕووی ئابووری وبازرگانییەوە، هەروەها شوێنە ئاینی ونەتەوەییەکانی شارەکان جیاکەرەوەیەکی باشن بۆ ئەوەی بزانین شارێکی گرنگ بووە لە سەردەمی خۆیدا یاخود نا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

هەرێمی خوراسان لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوچەیەکی فراوانی لەخۆ دەگرت، تەنانەت لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا زۆرناوچەی هەرێمەکانی خوارەزم و وڵاتی ئەوبەرڕووبار، کاتێ فەتحکراون لەسەر خوراسان ئەژمار کراون ویەک والیان بۆ دانراوە[١٨]، بەڵام لە ناوەندی سەدەکانی ناوڕاستدا ئەم فراوانییەی کەم بوویەوە و زیاتر ڕێکخرا، تاوەکو لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارمی کۆچی/ دەیەمی زاینی وای لێدێت هەرێمی خوراسان لە چوار پارچە پێکدێت، کە بە (ارباع خراسان) واتا چارەکەکانی خوراسان ناسراون، کە هەر بەشێکی یان هەر چارەکێکی سەربە شارێکی گەورە بووە، شارەکانیش بریتی بوون لە: نیشابور، مەرو، بەڵخ، هرات.[١٩] بەڵام لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی وتاوەکو سەدەی پێنجەمیش بەدواوە خراسان لە ڕووی ئیدارییەوە فراوانتر بوو، بەجۆرێک (المقدسی/ م٣٨٠ک/ ٩٩٠ز)

(١٥)الأصطخري: م.س، ص١٤٥ ؛ ياقوت الحموي: م.س، ج٢/ ص٣٥٠.

(١٦) ئەم بۆچوون جیاوازییە لای جوگرافیناس (ابن خرداذبە) هەیە بڕوانە: (المسالک والممالک، ط١، مطبعة دار الصادر، بيروت-١٩٩٢، ص١٨).

(١٧) بلدان خلافة الشرقية، تر: بشير فرنسيس وكوركيس عواد، ط١، مطبعة شريف رضا، قم- ايران -١٤١٣هـ، ص٤٢٣.

(١٨) بەنمونە دەتانرێت بڕوانرێتە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان لە: (البلاذري: م.س، ص٤٠٢).

(١٩) کی لسترنج: م.س، ص٤٢٢-٤٢٣.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نوسیوێتی کە لە سەردەمی ئەودا نۆ کورە وچەندین قەصەبە ورستاق وشار وهەزاران گوند بووە[٢٠]، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باسی چوار شارەکە دەکەین.

**تەوەری یەکەم: شاری نیشاپور (نیشابور-نیسابور)**

یەکێکە لە دایکە شـارەکانی خوراسـان ویەکەم چارەکی چوار چارەکەکەی خوراسـان بووە[٢١]، ناوەندی ویلایەتی (أبرشـهر) ئەبرشـەهر بووە هەربۆیە هەندێک لە سـەرچاوەکان بە(أبرشـهر)یش ناوی دەبەن، ناوی نیشـابور بە چەند شێوەیەکی تری وەکو نیسابور ونیشابور هاتووە، سەرچاوە جگرافییە ئیسلامییەکان ناوەکەی دەگەڕێننەوە بۆ شاپوری یەکەمی شـای سـاسـانی کوڕی ئەردەشـێر، گوایە کاتێ شـاپور لە جەنگی دژی پهلیزگ سـەرکردەی تورکەکان بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە وبە شوێنی شاری نیشاپوردا تێدەپەڕێت ودەبینێت قامیشەڵانێکی زۆری لێیە، دەڵێت ئەم شـوێنە دەکرێ زۆر باش بێت بۆ دروسـتکردن ودامەزراندنی شـار، بۆیە فەرمان دەکات شـارێکی لێ دروسـت بکەن. و ناوی لێنرا نیشاپور واتا (نی شـاپور- قامیشـی شـاپور) بەمەش نیشـاپور بوو بە ناوەندی ویلایەتی ابرشهر.[٢٢] بەیهەقی بۆمان دەگێڕێتەوە کە نیشـابور لە دوو وشـەی (بناى شـابور) واتا دروسـتکراوی شـابورەوە هاتووە[٢٣]، سـەرەڕای ئەوە نیشـاپور بەناوی (شـاذیاخ[٢٤])ەوە ناسـراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەڕەکەی طاهیرییەکان لەم شـارە دروسـتیانکرد وناویان نابوو شاذیاخ، چونکە نیشاپور پایتەختیان بووە.[٢٥]

بۆچوونی دیکەی جیاواز هەیە لەسـەر ناوی نیشـاپور، بەڵام لە سـەرچاوەکاندا بڵاونین ولە سـەرچاوەی دیاریکراودا باسـکراوە، لەوانە یاقوت الحموی باس لەوە دەکات کە ناوی نیشـاپور دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی شـابوری یەکەم شـای سـاسـانی کاتێ لە گەشـتێکدا ون دەبێت وپیاوەکانی بەدوایدا دەگەڕێن کاتێک دەگەنە ناوچەی نیشـاپور دەڵێن نی شـاپور(نیسـت شـابور) واتا شـابور نیە[٢٦]، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە ئەمە کەمتر نزیکە لە ڕاسـتیەوە، بەهۆی ئەوەی لە سەرچاوەکانی تردا ئەم بۆچوونە نەگێڕدراوەتەوە، پاشان ناکرێت شای ساسانی بەو هەموو شکۆیەوە ون ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناگونجێت شارێک بەو گەورەییەوە بەهۆی وتەیەکی ئاوهاوە ئەو ناوە هەڵگرێت.

شـاری نیشـاپور کەوتبووە ڕۆژئاوای هەرێمی خوراسـان و گەورەترین شـاری خوراسـان بووە[٢٧] وچەندین شـار سـەر بەکارگێڕیی ئەم شارە بوون، ولە ناوی ئەو شارانەی کە ناوبانگیان لە جیهانی ئیسلامیدا هەبووە وخاوەن شارستانیەت

---

(٢٠) المقدسی: م.س، ص ص ٢٩٥-٣٠٥.

(٢١) یاقوت الحموی: م.س، ج٢، ص٣٥٠.

(٢٢) المقدسی: م.س، ص٢٩٨-٢٩٩ ؛ آرتورکرستین سن: ایران در زمان ساسـانیان تر/ رشید یاسمی، ، چ٦، دنیای کتاب، تهران-١٣٦٨ش، ص٣١١ ؛ عباس قدیانی: فرهنگ جامع تاریخ ایران، چ٦،انتشارات آرون، تهران-١٣٨٧ش، ص٢٥٥ ؛ سمعانی:م.س، ج١٢/ ص٢٣٥.

(٢٣)ابن فندق: تاریخ بیهق، چ٣، کتابفروشی فروغی، تهران، ١٣٦١ش، ص٤٣ ؛ ابو عبدالله حاکم نیشابوری: تاریخ نیشابور، تر/ محمد بن حسین خلیفهء نیشابوری، تصحیح: محمد رضا شفیع کدکنی، چ١، انتشارات آگه، د.س، تهران، ص ١٩٨.

(٢٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گەڕەکە وچۆنێتی وهۆکاری دروستکردنی بڕوانە: (یاقوت الحموی: م.س، ج٣/ ص٣٠٥).

(٢٥) نواده مهلب پسر محمد پسر شادی: مجمل التواریخ والقصص، ملک الشعراء بهار، تح/ ملک الشعراء بهار وبهجت رمضان، چ٢، کلاله خاور، تهران-د.س، ص٥٢٦.

(٢٦) یاقوت الحموی: ن.م، ج٥/ ص٣٣١.

(٢٧)الأصطخري: م.س، ص١٤٦.

بوون وسەربە شاری نیشاپور بوون بریتین لە: شاری طبسین، قوهستان، شاری نسا، شاری أبیورد یان باورد، ابرشهر، وجام وباخرز، و شاری بەناوبانگی طوس.[٢٨]

**تەوەری دووەم: شاری مەرو (مَروُ)**

دووەم گرنگترین شارەکانی خوراسانی سەدەی چوارەم وپێنجەمی کۆچی ئەم شارەیە کە بە مەرو دەخوێنرێتەوە، ئەم شارە لەمێژوودا چەندین ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینیوە، بەنمونە شا یەزدەگوردی سێیەمی شای ساسانی کۆتا هەوڵی خۆ پەنادانی لەم شـــارەدا بووە وهەر لەم شـــارەدا ولە کەناری ڕووباری مرغاب دا بە دەســـتی ئاشـــەوانێک دەکوژرێت[٢٩]، ڕووداوێکی تری گرنگ بانگەشەی عەباسییەکان بووە، کە بنکەی بانگەوازەکەیان لە خوراساندا ئەم شارە بووە وئەبو موسلمی خوراسانی لەم شارەوە دەستی بەکاری خۆی کردووە.[٣٠]

ناوی ئەم شارە بە مەرو یان مەروشاهجان وچەندین شێوازی دیکە لە سەرچاوەکاندا هاتووە[٣١]، وزۆربەی سەرچاوە ڕەســەنەکان لەســـەر ئەو بڕوایەن کە ئەم شـــارە لەلاین ئەســکەندەری مەکدۆنیەوە یان ڕۆمیەوە کە بە (طهومرث یان ذوالقرنین) ناوی دەهێنن دروستکراوە.[٣٢]

لەڕاستیدا تێکەڵکردنێک هەیە کە گوایە ئەم شارە دوو بەشە مەروی بچووک (مروروز) ومەروی گەورە(مروشاهجان) وەک لە هەندێک ســـەرچاوەی نوێدا هاتووە[٣٣]، بەبۆچوونی ئێمە ئەمە جۆرێکە لە هەڵە لێکدانەوە، چونکە یاقوتی حەمەوی باســـی هەردوو مەروەکە دەکات ولە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: "کە نێوانیان پێنج ڕۆژەڕێیە"[٣٤]، لێرەدا پرســـیارێک دێتەپێشـــەوە، ئەگەر دوو شـــار پێنج ڕۆژەڕێ بە پیادە لەیەک دووربن چی شـــتێک وایان لێ دەکات یەک شـــاربن، پاشـــان ئەم دوو شـــارە جیاوازن لەبەرئەوەی لە ســـەرچاوەکاندا بە جیا باســـکراون و بە جیا بۆ نازناوی کەسایەتییەکان بەکارهاتوون.

**تەوەری سێیەم: شاری بەڵخ ( بَلخ )**

شاری بەڵخ لە شارە مەزنەکانی خوراسان بووە ودەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمەکەوە[٣٥]، جوانترین شاری خوراسان وبەناوبانگترین وبەپیت وبەرەکتترین شـــاری هەرێمەکە بووە وخاوەنی زۆرترین بەرهەم وبەروبووم بووە وبەجۆرێک نێردراوە بۆ سەرجەمی خوراسان وتەنانەت بۆ خوارەزمیش نێردراوە.[٣٦]

---

(٢٨) الیعقوبی: البلدان، تح/ محمد امین ضناوی، ط١، دار الكتب العلمیة، بیروت-١٤٢٢هـ، ص٩٥-٩٦.

(٢٩)الطبری: م.س، ج٤/ ص٢٩٣-٢٩٤.

(٣٠)الطبری: م.س، ج٧/ ص ص٣٦٠-٣٦٤.

(٣١)بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەکانی تری مەرو لە سەردەمە جیاوازەکاندا بڕوانە: (سـید منصـور سـید سـجادی: مرو، چ١، سـازمان میراث فرهنگی، تهران-١٣٨٣هـ-ش، ص١٩١-١٩٢).

(٣٢)الأصـطخري: م.س، ص١٤٧ ؛ ابو حنیفه الدینوري: الاخبار الطوال، تح/ عبدالمنعم عامر وجمال الدین شـيال، د.ط، منشـورات الرضـى، ایران/قم-١٣٦٨ش، ص٣٧ ؛ الطبری: م.س، ج١/ ص٥٧٨ ؛ ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٤ ؛ یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص١١٣ ؛ القزوینی: آثار البلاد وأخبار العباد، ط١، دار الصادر، بیروت-١٩٩٨ز، ص٤٥٥-٤٥٦ ؛ بۆ زانیاری دەربارەی چواندنی ذولقرنین بە اسکندر لەلایەن موسڵمانەکانەوە وزانیاری دەربارەی ئەم کەسە بڕوانە: (خواندمیر: تاریخ حبیب السیر، ج٤، انتشارات خیام، تهران، ١٣٨٠ش، ج١، ص٤٠).

(٣٣) احمد رنجبر: خراسان بزرگ، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران-١٣٦٣ش، ص٢٢٨.

(٣٤) یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٢٢٨.

(٣٥) الیعقوبی: م.س، ص١١٦؛ ابن رستة: الأعلاق النفیسة، ط١، دار الصادر، بیروت-١٨٩٢ز، ص٢٨٧.

(٣٦) یاقوت الحموي: م.س، ج١/ ص٤٧٩.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەربارەی دروستکردنەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆچوونێک پێی وایە لەلایەن لهراسب کوڕی فنوخی یەوە دروستکراوە[٣٧]، بۆچوونێکی دیکە پێی وایە لەلاین ئەسکەندەرەوە دروستکراوە وسەرەتا پێی وتراوە ئەسکەندەرییە[٣٨]، یەکێکی تر لە بۆچوونەکان پێی وایە لەلایەن منوجهر کوڕی ایرج کوڕی فریدوون ەوە دروستکراوە[٣٩]، ئەم بۆچوونانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە شاری بەڵخ شارێکی مێژوویی وکۆنە، سەرەڕای ئەوە شاری بەڵخ بە دوو شت بەناوبانگ بووە، یەکەمیان ڕووباری بەڵخ ە کە زیاتر بە ڕووباری جیحون ناسراوە، دووەم شت ئاتەشگای نەوبەهارە (آتشکده نوبهار*) کە گەورەترین ئاتەشگای زەردەشتییەکان بووە.[٤٠]

شاری بەڵخ بەهۆی ئەوەی شارێکی کۆنە، لە مێژوودا بە چەندین ناوی تر ناوی هاتووە، یەکێک لەو ناوانە(بلخ بهی) وناوێکی تری کە زۆر دووبارە بۆتەوە لە سەرچاوەکاندا ناوی (باختر یان باکتر) باختەرە وسەردەمانێکیش لە مێژووی ئەم شارەدا مەملەکەتێک بە ناوی باختریا یان باکتریا هەبووە و لە سەردەمی داریوش شای ساسانیدا شانشینی مرغیانا هەبووە وبەشێکی خوراسان کە ناوچەی مەرو بووە سەر بەم شانشینە بووە.[٤١]

هەروەها ناوی باختر وباکتر یەک شتن وتەنها بەهۆی زمانەکانەوە جیاواز بووە، یۆنانییەکان باکتریان بەکارهێناوە وڕۆژهەڵاتییەکانیش باختر کە وشەیەکی میدییە و بە واتای باکوور دێت چونکە ئەم شانشینە کەوتبووە باکوور وباکووری ڕۆژهەڵاتی میدییەکانەوە کە لە عێراقی عەجەمدا دەسەڵاتدار بوون (مەبەست لە کوردستانە)، وناوی باکترا ناوی شاری بەڵخ بووە وپایتەختی شانشینی باکتر وڕووباری بەڵخ بووە لەیەک کاتتدا، وباکتریانا وباکتر وباختر وباختری وباخل بەهەمان شێوە ناوی ئەو شانشینە بووە.[٤٢]

بەم شێوەیە دەبینین بەڵخ شارێکی کۆن وگرنگی ڕۆژهەڵات بە گشتی وهەرێمی خوراسان بە تایبەتی بووە، ئەمەشمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت کاتێ توێژینەوەی ورد وتەواوی تێدا بکەین. ولە شارە دیارەکانی سەر بە شاری بەڵخ:

---

(٣٧) ن.م، ج١/ ص٤٨٠؛ ابن بلخی: فارسنامه، تح/ منصور رستگار، چ١، بنیاد فارس شناسی، شیراز-١٣٧٦ش، ص١٤٢.

(٣٨) ابن فقيه الهمداني: م.س، ص ٦١٦ ؛ ياقوت الحموي: م.س، ج١/ ص٤٨٠.

(٣٩)القزويني: م.س، ص ٣٣١.

* ابن الفقيه بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەم ئاتەشگایە لەبەر ئەوە پێی وتراوە نەوبەهار چونکە نەریتی خەڵکی ناوچەکە وابووە، هەرکات کۆشک وتەلارێکی نوێیان دروست بکردایە بە ڕەیحانە بۆن خۆشیان دەکرد ، وکاتێ یەکەم وەچەی ڕەیحانەی بەهاریان دادەنا وپێیان دەوت نەوبەهار (بەهاری نوێ)، هەروەها خەڵکی ویستویانە ئەم ئاتەشگایە جێگەی مەکەی عەرەبەکان بگرێتەوە لە پێش ئیسلامدا، بۆیە وەک مەکە ناویان بردووە وئەو کەسەی خزمەتی کردووە پێی وتراوە (سادنه بر مکه) واتا خزمەتکاری مەککە،ناوی بەرمەکیەکانیش لەمەوە هاتووە. بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم دەقە بڕوانە: (م.س، ص٦١٦.) ؛ دەربارەی ڕەسەنی بنەماڵەی بەرمەکییەکان لە کاری وەزیری وپەرستگای نەوبەهاردا بڕوانە: (نظام الملک: سیاست نامه، چ٤، انتشارات علمی وفرهنگی، تهران، ١٣٧٨ش، ص٢٣٥).

(٤٠) ياقوت الحموي: م.س، ج١/ ص٤٨٠؛ قدامة بن جعفر: الخراج وصناعة الكتابة، تح/ محمد حسين زبيدي، ط١، دار الرشيد للنشر، بغداد-١٩٨١، ص١٥٧ ؛ ابن الاثير: الكامل في التاريخ، د.ط، دار الصادر، بيروت-١٩٦٥، ج١/ ص٢٥٩.

(٤١) بارتولد: م.پ، ج١/ ص١٩٢.

(٤٢) اعتماد السلطنة: تطبیق لغات جغرافیایی قدیم وجدید ایران، محقق: هاشم محدث، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران-١٣٦٣ش، ص٨٣-٨٤ ؛ جگە لەو ناوانەی سەرەوە چەندین ناوی تری لە مێژووی کۆندا هەبووە، کە لە بەرهەمە ئەدەبی وشیعریەکانی وەک مهابهراتا ولە ئاڤێستای کۆندا کە لە سەمەرقەند دۆزراوەتەوە ناوی ئەم شارە بەچەندین شێوەی جیاواز هاتووە، بۆ سەرجەم ئەم زانیاریانە بڕوانە: (سید محسن: تاریخ شهرهای خراسان- بلخ، پایگاه مجلات تخصصی نور، شماره ٥، تهران، ١٣٦٦ش، ص٢٠٠).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بامیان وبدخشان وبنجهیر وفاریاب و چەندین شاری دیکە وگوند وئاوایی زیاتر کە لێرەدا ماوەی باسکردنیان ئەوەندە نیە.[٤٣]

**تەوەری چوارەم: شاری هرات (هراة)**

شـــاری هرات کە بە چەند شـــێوەیەک ناوی لە ســـەرچاوەکاندا هاتووە، لەوانە (هراة،هرا، هری، هرات)، وبە چەند شێوەیەک خوێنراوەتەوە لەوانە(هورات، هەرات، هەری، هەرو) و دەربارەی دروستکەری یەکەمی ئەم شارە جۆرێک لە ئەفســانە دەبینین لە گێڕانەوەی ســەرچاوەکاندا[٤٤]، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر دەگێڕدرێتەوە ولە زۆربەی ســەرچاوەکاندا هەیە، ئەوەیە کە ئەســکەندەر دروســتی کردووە، وەک بۆمان دەگێڕنەوە ئەســکەندەری مەکدۆنی بە هەر کوێیەکدا بڕۆیشتایە خەڵکی ئەو شوێنەی ڕادەسپارد کە شارێک یان قەڵایەک بۆ پاراستنی خۆیان دروست بکەن، تاوەکو خۆیانی تێدا بپارێزن[٤٥]، ئەم بۆچوونەی کە یاقوتی حەمەوی بۆمان دەگێڕێتەوە زۆرتر نزیکە لە ڕاســتیەوە، بەهۆی ئەوەی لە زۆرێک لە سەرچاوەکانی دیکەدا هاتووە[٤٦]، لەلایەکی ترەوە خودی یاقوت جۆرێک لە میتۆدی زانستی پەیڕەو دەکات.

ســەبارەت بە پێگەی شــاری هرات لە هەرێمی خوراســاندا ســەرچاوەکان بۆمان دەگێڕنەوە کە هرات لە خوراســاندا ئاوەدانترین شــار بووە وباشــترین خەڵکی هەبووە[٤٧]، لەوە زیاتر یاقوتی حەمەوی بۆمان دەگێڕێتەوە کە خودی خۆی کاتێ ســاڵی( ٦٠٧ک/ ١٢١٠ز) چووەتە ئەو شــارە شــارێکی مەزن وبەناوبانگ ولە دایکە شــارەکانی خوراســان بووە ولەو کاتەدا لە خوراســاندا نەبووە لە هورات جوانتر ومەزنتر وبەشــکۆتر چاکتر ودانیشــتوانی زۆرتر، تێیدا باخ وباخاتی زۆر وئاوی زۆر وخێر وبەرکەتی بەرفراوانی هەبووە.[٤٨]

شــاری هورات چەندین شــارۆچکەی تر وگوند وئاوایی زۆری لەخۆ گرتووە ولەڕووی کارگێڕییەوە ســەر بەم شــارە بوون، لە دیارترین شــارەکانی (اســفزار، باذغیس، پوشــنگ یان بوشــنج، غرجســتان وهیتر)، بەهۆی ئەوەی هرات ناوچە وویلایەتێکی ئاوەدان وپڕ بەرەکەت بووە خاوەنی چەندین گوندی ســـەوز وئاوەدان بووە، جوگرافی زان الحمیری (م ٧٢٧ک/ ١٣٢٧ز) بۆمان دەگێڕێتەوە کە هرات خاوەنی چوارســـەد گوند بووە[٤٩]، وهرات بە باخ وباخاتەکانی بەناوبانگ بووە وخاوەنی چەندین باخاتی گەورە بووە.[٥٠]

---

(٤٣) بۆ زانیاری دەربارەی شار وگوندەکانی سەر بە شاری بەڵخ بڕوانە: (احمد رنجبر: م.س، ص١١٤-١٢٤).

(٤٤) لەم بارەیەوە چەندین بۆچوونی ئەفســانەئامێز گێڕدراوەتەوە بۆ ئەو مەبەســتە بڕوانە: (ســیفی هروی: پیراســتە تاریخنامە هرات، چ١، انتشارات بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران-١٣٨١ش، ص ٧-١٢).

(٤٥) یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٣٩٦ ؛ الأصطخري: م.س، ص٣٩٦.

(٤٦) بۆ نمونە: (القزوینی: م.س، ص٤٨١).

(٤٧) الیعقوبی: م.س، ص١٠٠.

(٤٨) یاقوت الحموی: م.س، ج٥/ ص٣٩٦-٣٩٧.

(٤٩)الحمیری: الروض المعطار فی خبر الأقطار، تح/ احسان عباس، ط٢، مکتبة لبنان ناشرون، بیروت-١٩٨٤، ص٥٩٥.

(٥٠) بۆ زانیاری دەربارەی گوند وباخەکانی هرات بڕوانە: (احمد رنجبر: م.پ، ص ص٢٧١-٢٨٤).

**باسی سێیەم**

**پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمەکە**

کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەتەوەکانی دانیشتووی خوراسان کە لە سەدەی چوارەم وپێنجەمی کۆچیدا نیشتەجێی هەرێمەکە بوون، بێگومان ئاسان نیە، چونکە لە ئێستادا دابەش بووە بەسەر سێ وڵاتی نوێدا ئەوانیش وڵاتی ئێران وتورکمانستان وئەفغانستانە[٥١]، کە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەواڵی کەممان لەڕێی سەرچاوە جوگرافی وگەڕیدەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست دەکەوێت، وبابەتی نەتەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر جێی بایەخ نەبووە وزۆرجار چەندین نەتەوە لەژێر چەتری یەک هەرێمدا ژیاون، بۆیە سەرچاوەکانیش ئەو گرنگییەیان بە مەسەلەی نەتەوە نەداوە. زۆرجاریش تەنها ئاماژە بە هەرێمەکە کراوە، بەنمونە یاقوت الحموی لەبارەی وڵاتی گرجستان کە بۆمان دەگێڕێتەوە تەنها ئاماژە دەکات بەوەی کە خەڵکی خوراسان بەو شێوەیە ناوی دەبەن[٥٢]، واتا ئاماژەی بە نەتەوەیەکی دیاریکراو نەکردووە.

ئێمە هەوڵمانداوە زانیاریمان دەست بکەوێت لەسەر پێکهاتە نەتەوەییەکانی هەرێمی خوراسان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە تایبەت سەدەکانی (٤و٥ کۆچی/ ١٠و ١١ زاینی)، هەربۆیە هەوڵ دەدەین لێرەدا بەکورتی باسی نەتەوە سەرەکییەکانی نیشتەجێی هەرێمەکە دەخەینە ڕوو.

**تەوەرییەکەم: تورک**

پێکهاتەی تورک (ترک) ، بەشێکی زۆری هەرێمی خوراسان تورک بوون وتورکەکان مێژوویەکی فراوانیان هەیە لە خوراساندا (ابن فقیە) لە باسی هەندێ شاردا لە ناوچەی خوراساندا بۆمان دەگێڕێتەوە زۆرینەی یاخود هەموی دانیشتوانەکەی تورک بوون، و باسی کۆتایی هەرێمی خوراسان دەکات وئاماژە بە خەڵکی تورک دەکات وئەگەر لە تەواوی دەقەکانی ئەم مێژوونوسە لەبارەی وڵاتی تورکانەوە بڕوانین ئەوە هەست پێ دەکەین کە تورک نەتەوەیەکی زۆر بوون لە ناوچەکەدا ولە سنوری چین تاوەکو هەرێمی فارسیش بوونیان زۆربووە، بەتایبەت کاتێک باسی والییەکی خوراسانمان بۆ دەگێڕێتەوە وئاماژە بە زۆری تورک دەکات کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە[٥٣]، بەبۆچوونی هەندێ نوسەر تورک ڕێژەی زۆرینەی هەرێمی خوراسانیان پێکهێناوە.[٥٤] ئەم بۆچوونەش تاڕادەیەک نزیکە لە ڕاستیەوە چونکە ئەگەر سەیری نەخشەی ئێستای خوراسان بکەین دەبینین لە ئێستادا بەشێکی زۆری بەر وڵاتی تورکمانستان کەوتووە[٥٥]، وەک دیارە دانیشتوانی ئەم ناوچانە زۆرینەیان تورکمانن، تەنانەت لە سەردەمی فتوحاتیشدا هەواڵی ئەم تورکانەمان بۆ دەگێڕنەوە وەک بلاذری لە باسی فەتحی مەروروز ومەروشاهجاندا بۆمان دەگێڕێتەوە کە موسڵمانەکان توشی ڕووبەڕووبوونەوە بوون و حاکمی ئەم ناوچانە وئەو تورکانەی لەگەڵیدا بووە تێکشکاندووە،

---

(٥١) محمود شاکر: خراسان، ط١، المکتب الأسلامی، بیروت-١٩٧٨، ص٧.

(٥٢) یاقوت الحموی: م.س، ج٤/ ص١٩٤.

(٥٣) ابن الفقیە: م.س، ص ص ٦٣٣-٦٤٨، لەوانەیە ئەم کاریگەریەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو سەردەمە سەردەمی باڵادەستی سیاسی وسەربازی تورک بووە بە ناوە جیاوازەکانیان لە خوراسان وجیهانی ئیسلامیدا.(توێژەر)

(٥٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەگەزی تورک وڕێژەیان لە هەرێمەکەدا بڕوانە: (محمود شاکر: م.س، ص٤٥.)

(٥٥) ن.م، ص ص٤٣-٤٩.

هەروەها باســی والیەكی خوراســان دەكات كاتێ خەڵكی خوراســان لێی ڕاپەڕیون وتوركێكی زۆری لێ كۆ بۆتەوە وبەسەریاندا زاڵ بووە.(٥٦)

توركەكان كە لە مێژووی ســەدەكانی ناوەڕاســتدا بە تورانیەكانیش ناســراون، لە باكور وڕۆژهەڵاتی هەرێمی خوراســانەوە بەرەو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ئیســلامی كۆچیان كردووە، وئێرانییەكان بەردەوام خۆیان لەبەردەم مەترســی هێرشــی ئەم هۆزە توركانەدا بینیوەتەوە، تەنانەت لە خوراســانیشــدا خاوەن دەســەڵاتێكی زۆر بوون ودەوڵەتەكانی غەزنەوی و دواتریش ســەلجوقی دەوڵەتی توركەكان بوون(٥٧)، وزمانی قســەكردنی ئەم ڕەگەزە زمانی توركی یان توركمانی بووە، ولە چەندین شاری گرنگی خوراساندا نیشتەجێ بوون وەك مەروشاهجان ونسا وابیورد وفاریاب.(٥٨)

سەرەڕای بەشە توركمانییەكەی خوراسان ئەم نەتەوەیە لە باكوری ئەفغانستانی ئێستاشدا بوونیان هەیە وئەمەش بەپێی بۆچوونی نوسەرە ئێرانیەكان، ونەتەوەی هەزارە یەكێكن لەو نەتەوانەی لە ئەفغانستانی ئێستادان ولە ڕەگەزی توركن، جگە لەوە تاجیك وبلوج وئۆزبەگییەكانی ئەفغانســتانیش بۆچوون هەیە كە توركن، ســەرەڕای ئەوە گروپێكی ئیتنیكی زۆر دیار هەبوون لە خوراســاندا بەناوی (هیاطلة) هەیتەڵەكان كە دەوترێت لە نەتەوەی تورن یاخود لە نەتەوەی فارسن ولەسەردەمی ساسانییەكاندا دورخراونەتەوە بۆ ناوچەكانی هرات وتێكەڵی توركەكان بوون(٥٩)، واتا بە گشــتی بەشــی باكور وباكوری ڕۆژهەڵات وباكوری ڕۆژئاوای هەرێمی خوراســان زۆربەی تورك زمان یان تورك نەتەوەن.(٦٠)

**تەوەری دووەم: ئەفغان**

پێكهاتەی ئەفغان (افغان)، هەواڵی ئەم نەتەوەیە لە سەرچاوەكانی سەدەی چوارەم وپێنجەمدا بە كەمی و لە چەند شوێنێكی دیاریكراودا هاتووە. واتا بوونیان هەبووە بەڵام بەو شێوەیەی زانیاری تەواومان بدەنێ ئەستەمە و دەست ناكەوێت(٦١)، بۆچوونی توێژەرانی ئەم بوارە هاوكاریمان دەكەن، پێیان وایە ئەفغانیەكان دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوەی پەشتون (پشتون)، ئەم نەتەوەیە بە چەندین ناو هاتووە وەك، پشتون، پاتان، پختون، پكتون، بختون، بكتون.(٦٢) بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە ئەم نەتەوەیە خاوەنی دەســەڵاتی گرنگ بوون لە ناوچەكەدا، ناوی ئەفغان وپشــتون یەكن وبۆ یەك نەتەوە بەكارهاتوون واتا پشــتون وەك نەتەوە ئەژماركراوە(٦٣)، ئەگەرچی بۆچوون هەیە كە پشــتون ناوی زمانەكەیان بێت كە قسەی پێ دەكەن.(٦٤)

---

(٥٦) البلاذري: م.س، ص٣٩٣، ٣٩٥.

(٥٧) محمد حسن العمادي: خراسان في العصر الغزنوي، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيعات، الأردن-١٩٩٧، ص ص١٦٣-١٦٧.

(٥٨)المسعودي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، تح/ كمال حسن مرعي ، ط١، مطبعة العصرية، بيروت- ٢٠٠٥، مج١/ ص١٠٣؛ محمود شاكر: م.س، ص ص٤٦-٤٨.

(٥٩) دەربارەی ئەم بۆچوونە لەسەر (هیاطلة) بڕوانە: (البلاذري: م.س، ص٣٩٠).

(٦٠)بصیر احمد دولت آبادی: شناسنامه افغانستان، چ٤، انتشارات محمد ابراهیم شریعتی افغانستانی (عرفان)، تهران_١٣٨٧ش، ص ص٢٩-٣٩.

(٦١)البیروني: تحقیق ماللهند من مقولة معقولة في العقل او مرذولة، تح/احمد ارام، ط٢، عالم الكتب، بیروت، ١٤٠٣هـــ، ص١٤٧ ؛ مؤلف مجهول: عدود العالم من المشرق الى المغرب، م.س، ص٨٨.

(٦٢)دولت آبادی: همان، ص٢٧، ٥٩ ؛ فیض محمد كاتب: نژادنامهء افغان، مقدمه وتحشــیه/ حاج كاظم یزدانی، چ١، مؤســســه مطبوعاتی اسماعیلیان، ایران/قم-١٣٧٢ش، ص ٤٦-٤٧ ؛ عبدالحی حبیبی: م.پ، ص٧٠-٧١.

(٦٣) سید محمد باقر مصباح زاده: نگاهی مختصر به تاریخ اقوام در افغانستان، د. چ، انتشارات مرندیز، ایران/ مشهد- د.س، ص١٣.

(٦٤)شیرواني: م.پ، ص١٠٦-١٠٧.

سەبارەت بە بنەچە ورەگی پشتونەکان توێژەرانی ئەم بوارە بۆچوونی جیاوازیان هێناوە، یەکێک لەو بۆچوونانە باس لە ئارییایی بوونیان دەکات، وبۆچوونێکی دیکە بنەڕەتی ئەم نەتەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ عەرەبەکان، بەڵام ئەم دوو بۆچوونە خاوەن بەڵگەی یەکلاکەرەوە نەبوون، بۆچوونی سێیەم باس لە ئیسرائیلی بوونی ئەم نەتەوە دەکات، ئەمەش بە بۆچوونێکی خاوەن بەڵگە وتاڕادەیەک نزیکە لە ڕاستیەوە دادەنرێت.(٦٥)

**تەوەری سێیەم: فارس**

پێکهاتەی فارس یەکێکی ترە لە نەتەوە دیارەکانی خوراسان بەتایبەت بەشی ڕۆژئاوای خوراسان لە شارەکانی نیشابور وطوس ودەوروبەری، ئەگەرچی لەم ناوچانەدا کەمە نەتەوەی تریش هەن وەک تورک وئازەری وکورد وهیتر، سەرەڕای ئەوە فارسەکان لە مێژووی خوراساندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتەکانی طاهری وسامانی وصفاری وبۆیهییەکان، ئەمە ئەگەر دەیلەم بە فارس ئەژمار بکرێت، وفارسەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە مێژووی شارستانی خوراساندا بینیوە.(٦٦)

**تەوەری چوارەم: عەرەب**

پێکهاتەی عەرەب یەکێکی تربوون لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی خوراسان، کە لەکاتی فتوحاتی ئیسلامییەوە بۆ خوراسان، لەگەڵ پرۆسەکەدا چووبوونە ناوچەکە ونیشتەجێ بوون، ودواتریش بەبەردەوامی لە سەردەمە جیاوازەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، عەرەبەکانی خەواریج ولایەنگرانی ڕەوتە جیاوازەکان لەم هەرێمەدا جێگەیان بووەتەوە.

سەبارەت بە سەرەتای نیشتەجێ بوونی عەرەب لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی دوای ساڵی ٣١ک کاتێ لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا والیەک بەناوی (أمير بن أحمر) دەنێردرێتە ناوچەکە وئەویش لە دەروازەی شاری مەرو خێوەتگەی سوپاکەی هەڵدەدات، وەرز دەگاتە زستان وبەفرێکی زۆر دەبارێت وسەرمایەکی زۆر دەبێت، خەڵکی شارەکە بڕیار دەدەن کە خانەخوێیی بۆ سوپای والی بکەن، ئەوەبوو کارەکەیان کرد بەڵام پاش ماوەیەک بۆیان دەرکەوت کارێکی هەڵەیان ئەنجام داوە بۆیە ناچار پلانی هەڵگەڕانەوە ودەستگرتن بەسەر سوپاکە و خودی والیشیان دانا، ئەم هەواڵە لەڕێگەی دەهقانی شارەکەوە بەناوی (براز بن ماهويه) گەیەنرایە والی وبەمەش سوپاکە کەوتنە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی شاری مەرو، وزۆرێکیان لی کوشتن وماڵ وسامانی خەڵکیان زۆر دەست بەسەردا گرت، دواتر خەڵکی شارەکە ملکەچ بوون وئەمەش یەکەم نیشتەجێ بوونی عەرەبە لە ناوچەکەدا.(٦٧)

هەواڵی عەرەبەکان لە خوراساندا لەلایەن مێژوونوسان وجوگرافیناسانی ئیسلامییەوە دەگێڕدرێتەوە، یەکێک لەو هەواڵانە هەواڵی هۆزێکی عەرەبە کە نیشتەجێی بیابانێکی مەرو بوون، ومەڕدار وخێوەت نشین بوون، ئەم هەواڵە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی بۆ ساڵی ٣٩٤ک/ ١٠٠٣ز.(٦٨)

(٦٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان بڕوانە: (سيد محمد باقر مصباح زادە: م.پ، ص ص٢٢١-٣٨). ئەو بۆچوونەی سەرەوە کە باس لە ئیسرائیلی بوونی نەتەوەکە دەکات، بەڵام نەک خودی وڵاتی ئیسرائیلی ئێستا کە ناوی دەوڵەتێکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەڵکو باس لە یەهودی یان بەنو ئیسرائیلە لە مێژوودا.(توێژەر)

(٦٦) محمد حسن العمادي: م.پ، ص ١٦٨.

(٦٧) البلاذري: م.س، ص٣٩٦ ؛ گرديزي: زين الأخبار، چ١، انتشارات دنياى كتاب، تهران-١٣٦٣ش، ص٢٢٩-٢٣٠.

(٦٨) گرديزي: همان، ص٣٨٤-٣٨٥.

لە زۆر شوێنی دیکەی کتێبە مێژوویی وجوگرافییەکاندا هەواڵی پەرتەوازە وکەمی عەرەبەکانی خوراسان هاتووە، لە شـاری طوس تیرەیەکی عەرەب هەبوون کە لە هۆزی طییء وهیتر بوون[٦٩] و یاقوت الحموی لە باسی پیاوێکدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە عەرەبەکانی خوراسان بووە، لە ناوچەی ابیورد.[٧٠]

**تەوەری پێنجەم: کورد**

نەتەوەی کورد ئەگەرچی بەنەتەوەیەکی سـەرەکی وگەورەی خوراسـان دانانرێت، بەهۆی ئەو چەند ئاماژەیەی لە سـەرچاوە ڕەسـەنەکاندا بەرچاومان کەوتووە، بە یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی خوراسـان دادەنرێت، ئەو چەند کورتە هەواڵەی لەبارەی کوردەکانی خوراسـانەوە دەسـت کەوتووە دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی بۆ ناوچەکانی خوراسـان، کە لە هەندێ شـوێندا ناوی خودی نەتەوەی کورد هاتووە وهەندێ هەواڵی تر ناوی شـوێنێک یاخود ئاواییەکە بەناوی کوردەوە، بە نمونە (الأصـطخري) بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی ماوەکانی خوراسـان ودەڵێت: "سـەبارەت بە ماوەکانی خوراسـان: لە نیشـابورەوە بۆ کۆتا سـنوری کە دەگاتە قومس بۆ گوندی کوردان نزیک اسـداباد (٧) ڕۆژە و لە گوندی کوردانەوە بۆ دامەغان (٥) قۆناغە".[٧١]بەم پێیە گوندی کوردان شوێنێکی ئاوەدان بووە.

بوونی کوردەکان لە ناوچەکانی خوراساندا زیاتر لە ناوچەکانی باشورەوە بووە، ولەزۆر حاڵەتدا لە شێوەی کۆمەڵەی شـوانکارەیی وناجێگیردا بوون وگەڕاون بەشـوێن ئاو ولەوەڕگادا، یاخود لە گوندی شـوانکارەییدا بوون[٧٢]، یاخود هەندێک شـوێن هەبووە هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لێ نیشـتەجێ نەبووە کوردەکان نەبێت، بەنمونە وەک بیابانەکانی قوهسـتان، لە زۆربەی گوندەکانی ئەم بیابانانەدا ، کوردەکان نیشـتەجێ بوون، ئەم کوردانە بەهۆی ئەوەی خاوەن مەڕ وماڵات و حوشتر بوون، توانیویانە بەرگەی هەوای گەرمی ناوچەکە بگرن.[٧٣]

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ئێمە چاومان بە چەندین ناو دەکەوێت لە نێو سەرچاوەکاندا کە پاشگری (کرد) یـان هەڵگرتووە، ئەگەرچی ئەم پاشـگرە تەنها بەواتای کورد نایەت، بەنمونە وەک: (خسـروکرد[٧٤] و کردرانخواش وخرکرد و فرکرد) بەڵام ئەگەری زۆر هەیە ئەم پاشگرانە بۆ کورد بگەڕێنەوە.[٧٥]

هەواڵ هەیە ئەم کوردانە لە ناوچەکەدا ماون وهەر هەمان کوردانی پێشـوو بوون، چونکە ئاماژە بە کۆچ و هاتنیان نەکراوە، بەنمونە لە سـەدەی (٧ک/ ١٣ ز )گێڕانەوەی نوسـەری کتێبی (پیراسـتە تاریخنامە هرات) باس لە پاشـایەک وکوڕەکەی دەکات لە ساڵی ٦٥٠ک کە کوردبوون ودەڵێت: "مەلیک شاهنشاه وبهرامشاه کە کوڕ وباوک بوون وهەردوکیان

---

(٦٩) اليعقوبى: البلدان، م.س، ص٩٣.

(٧٠) معجم البلدان، م.س، ج٣/ ص١٦٢.

(٧١)الأصطخري: م.س، ص١٥٨.

(٧٢) حكيم أحمد خوشناو: الكرد وبلادهم عند البلدانيون والرحالة المسلمين، ط١، دار الزمان، دمشق-٢٠٠٩، ص١٢٧.

(٧٣)الأصطخري: ن.م، ص١٥٥.

(٧٤)الأصطخري: م.س، ص١٤٦؛ ابن حوقل: م.س، ج٢، ص٤٣٣. ساغکەرەوەی بەرهەمەکەی ابن حوقل لە پەراوێزدا ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی (کردران خواش) واتا کردان خواش، بۆیە پێمان وایە پاشـگری (کرد) مەبەسـت کوردە، نەک (کرد) ی فارسـی بەواتای کردن، لەگەڵ ئەمەشـدا ئەگەر هەیە ئەم پاشگری (کرد) گرد یاخود جرد بێت ، بەوپێیەی لە هەندێ سـەرچاوەدا بە (خسـروجرد) هاتووە، بڕوانە: (مؤلف مجهول: حدود العالم من المشرق الى المغرب: م.س، ص١١٤).

(٧٥) ابن حوقل: م.س، ج٢/ ص٤٣٣.

سەید وکورد بوون"، هەر لە درێژەی ئەم باسەدا قسەی ئەو پاشایە دەگێڕێتەوە ودەڵێت: "خەڵکی ئەفغان چ کەسانێکی بێ باک ودز وخوێنرێژ وفیتنە ئەنگێز وفێڵاوین، بەتایبەت ئەم کوردانەی کە لەگەڵ مندان".(٧٦)

کوردەکان لە خوراساندا بەردەوام هەبوون تەنانەت سەردەمانی دواتریش هەواڵیان دەبینین، بەنمونە تا سەدەی هەشتەمی کۆچی وچواردەیەمی زاینی کورد لە ناوچەکەدا ماون، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە هاتنیان لە زەمەنێکی دوای سەدەی (٤ و٥ کۆچی)بکرێت، واتا دانیشتوانی هەرێمەکە بوون و تاوەکو ئەو کاتە ماونەتەوە، لەوانە ڕۆژهەڵاتناس (گونسالس دو کلاویخو) لە سەفەرنامەکەی خۆیدا باس لە بوونی کورد دەکات لە خوراسان ودەڵێت: " یەک فەرسەخمان مابوو بگەین بە نیشابور ئۆردوگایەکی بچوکمان بینی کە نزیکەی چوارسەد ڕەشماڵ دەبوون وڕەشماڵی ئاسایی نەبوون وزۆر درێژ بوون وڕەش بوون، لەم چادرانەدا هۆزێک بەناوی (الواری) کە کوردن، ژیانیان دەکرد، ئەمانە درێژی وپانی ئەم ئوستانە دەگەڕێن، ولەژێر فەرمانی تەیموردان وساڵانە سێ هەزار وشتر وپانزە هەزار سەر مەڕ وەک باج پێ دەدەن.(٧٧)کە ئەمە بەڵگەی زۆری ژمارەی کوردانە، چونکە چوارسەد ڕەشماڵ ناتوانێت ئەو هەموو باجە زۆرە بدات.

**باسی چوارەم**

**پێکهاتە ئاینییەکانی هەرێمەکە**

لە هەرێمی خوراساندا چەندین ئاین وئاینزا لەلایەن دانیشتوانەوە لە مێژوودا پەیڕەوی لێکراوە، بەتایبەت ئاینە هیندییەکان بەشێک لە شوێنکەوتوانی ئەم ئاینانە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشتەجێ بوون(٧٨)، ولەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر سەرەکیترین ئاین وئاینزاکانی هەرێمی خوراسان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**تەوەری یەکەم: ئیسلام**

ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی وتاڕادەیەک ئاینی دەسەڵاتی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستی هەرێمەکە، هەر لە ساڵی ٣١ک کاتێک سوپای موسڵمانەکان چوونە ناو ئەم ناوچەیەوە، خەڵکی ئاشنای ئاینە نوێیەکە بوون، بەڵام بە یەکجاری وڕاستەوخۆ ئەم ئاینە لە دڵی خەڵکیدا جێی نەبوویەوە، چەندین ساڵی خایاند تاوەکو ئاینەکە بەزۆری بڵاوبوویەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی چەندین شوێنی پەرستشی ئاینەکانی پێشوویان گۆڕی بۆ مزگەوت ئەم ئاینە ڕاستەوخۆ جێگەی ئاینە ناوخۆییەکانی گرتەوە.(٧٩)

---

(٧٦)سیفی هروی: م.پ، ص٤٩.

(٧٧) ئەم ڕۆژهەڵات ناسە بە درێژتر باسی ئەم هۆزە دەکات، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (کلاویخو: سفرنامە کلاویخو، تر: مسعود رجب نیا، چ٥، شرکت انتشارات علمی فرهنگی، تهران-١٣٨٤ش، ص١٨٨.)

(٧٨) آرتور کرستین سن: م.پ، ص ٧٦.

(٧٩)بۆ زانیاری دەربارەی فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە هەرێمی خوراسان بڕوانە: الطبری: تاریخ الامم والملوک، تح/ محمد ابو الفضل ابراهیم، ط٢، روائع التراث العربی، بیروت- ١٣٨٧، ج٤/ ص١٦١-١٦٧ و ٣٠١-٣١٤ ؛ البلاذری: فتوح البلدان، ط١، دار ومکتبة الهلال، بیروت-١٩٨٨م، ص٣٩٠.

**تەوەری دووەم: زەردەشتی**

ئاینی زەردەشــتی وەک ئاینێکی کۆنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات ، لە خوراســان بوونی هەبووە و چەندین ئاتەشــگای زەردەشتی تێدا بووە، کە لەلایەن وڵاتناس وگەڕیدەکانەوە بۆمان گێڕدراوەتەوە، یەکێک لەو ئاتەشگایانە کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا ئاوەدان بووە ولەلایەن (الأصطخري)یەوە دەگێڕدرێتەوە، کە لەسەر چیایەکی نزیک شاری هرات بە دووری دوو فرسخ ولەسـەر لوتکەی چیاکە ئاتەشـگایەک هەیە، هەر خودی ئەم جوگرافیناسـە شـایەتی دەدا لەسـەر ئەوەی ئەم ئاتەشگایە (معمور) بووە، واتا ئاوەدان بووە، وناوی (سرشک) بووە.(٨٠) لە هەواڵێکی تردا (المقدسی) بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە ســەر ڕووبارێکی شــاری هرات پردێکی ناوازە لەلایەن پیاوێکی مەجوســی واتا زەردەشــتییەوە دروســتکرا، پیاوەکە ویســتی ناوی خۆی لەســەر بنوســێت، بەڵام ســوڵتان وتبوی دەبێت ناوی منی لێ بنوســرێت، ســەرەنجام هەندیک دەڵێن پیاوەکە موســڵمان بوو وهەندێکی دیکە دەڵێن خۆی فڕێ داوەتە ناو دەریاکەوە.(٨١)لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شـوێنکەوتوانی ئاینی زەردەشـتی دوای چەندین سـەدەش لە بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسـلام هەر لەم ناوچانەدا ماوە.

لە هەرێمی خوراســاندا چەندین ئاتەشــگای زەردەشــتی بوونیان هەبووە، بەنمونە ئاتەشــگایەک لە شــاری طوس هەبووە(٨٢)، ئاتەشـگایەکی تری خوراسـان ناوی ئاتەشـگای نوش آذاران بووە لە شـاری بەڵخ کە ئاتەشـگایەکی ناسـراو وگەورە وبەرچاوی زەردەشتییەکان بووە.(٨٣)

**تەوەری سێیەم: بودایی**

ئاینی بودایی، یەکێکی ترە لەو ئاینانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی خوراساندا بڵاوبۆتەوە، سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە لە ناوچەکانی خوراســان ودەوروبەریدا دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ٢٦٠پ.ز بەهۆی پاشــایەکی هیندی بەناوی ئاشــوکا لە ناوچەکانی باشـوری خوراسـاندا بڵاوبۆوە، لەڕێگەی مژدەدەرەکانییەوە کە ناردی بۆ ناوچەکانی خوراسـان، ولە سـاڵی ٢٦٠پ.ز مژدەدەری نارد بۆ شــاری بەڵخ، وپاشــایەک بەناوی أجاتوکل، کە لە ناوچەکانی رخج وزرنج حوکمی کردووە سـکەی لێداوە ووێنەی بوذای لەسـەر نەخشـاندووە. هەروەها لە شـاری بەڵخ ئاماژە بە بوونی پەرسـتگای ئەم ئاینە لە خوراساندا کراوە، ئەویش پەرستگای نەوبەهارە(٨٤) کە لەسەرەتادا ئاتەشگای زەردەشتییەکان بووە، بەڵام دواتر کاتێ ئاینی بودایی پەیدا دەبێت لە خوراساندا ئەم ئاتەشگایە دەگۆڕێت بۆ پەرستگای بودایی، پاشاکانی چین وهیند وکابل شا سەردانی ئەم پەرستگایەیان کردووە وئەوانیش لەسەر ئەم ئاینە بوون، ولەم پەرستگایەدا پیاوێکی ئاینی هەبووە کە نازناوی بەرمەکیان هەڵدەگرت، نەوە لەدوای نەوە پشــتا وپشــت ســەرپەرشــتی ئەم پەرســتگایەیان دەکرد(٨٥)، لە سەردەمی فتوحاتدا ئەم پەرستگایە ڕووخێنرا.(٨٦)

---

(٨٠)الأصطخري: م.س، ص١٥٠.

(٨١) المقدسی: م.س، ص٣٢٩-٣٣٠.

(٨٢) اعتماد السلطنة: مرآة البلدان، تح: عبدالحسين نوايي وهاشم محدث، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران-١٣٦٧ش، ج١/ ص٥٧٤.

(٨٣)محمد مهريار: فرهنگ جامع نامهای کهن اصفهان، چ١، انتشارات فرهنگ مردم، اصفهان-١٣٨٢ش، ص٨٤٥.

(٨٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پەرستگایە وجیاوازی بۆچوونەکان دەربارەی ئەوەی کە ئاتەشگای زەردەشتی بووە یان پەرستگای بودایی بڕوانە: (منصور سيد سجادی: مرو، چ١، انتشارات سازمان ميراث فرهنگی، تگران-١٣٨٣ش، ص٣٦٥).

(٨٥) المسعودي: م.س، ج٢/ ص١٨٦ ؛ عبدالحی حبيبی: م.پ، ص ص ٣٧٣-٣٧٨.

(٨٦) البلاذري: م.س، ص٣٩٦ ؛ سيد صادق سجادی: تاريخ برمكيان، چ١، بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران، ١٣٨٥، ص ٣٩.

جگە لەوانە لە شاری بامیان گەورەترین بتی بودا وپەرستگایەکی ئەو ئاینەی لێ بووە، کە لەسەر بەردی قەدپاڵی چیایەک هەڵکەنراوە، وزیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان وبەتایبەت سەردەمی سابوری یەکەم.[٨٧]ئەم پەرستگایە پێ دەچێت هەمان ئەو هەواڵە بێت کە (السمعانی) نوسیویێتی: " لە بامیان دوو بتی گەورەی لێبووە، کە لەسەرچیاکە هەڵکەنراون لە خوارەوە بۆ سەرەوە، زۆر گەورە بوون و لە جیهاندا لەوێنەیان نەبووە، یەکێکیان ناوی (سرخ بت) بەواتای بتی سور، ئەوی تریان ناوی (خنک بت) واتا بتی فێنک".[٨٨]

**تەوەری چوارەم: مەسیحی**

ئاینی مەسیحی، یاخود نصاری، بەپێی سەرچاوەکان شوێنکەوتوانی ئەم ئاینە لە ناوچەکانی هەرێمی خورساندا بوونیان هەبووە، گوایە یەکەم کەس کە ئاینی مەسیحی بردۆتە هەرێمەکەوە قەشەیەک بووە بە ناوی (سیس جاثلیق)[٨٩]، وەک دەبینین (الأصطخري) کاتێ باسی شاری هرات دەکات، بۆمان دەگێڕێتەوە کە لەنێوان ئاتەشگای سرشک وشاری هراتدا کڵێسایەکی مەسیحییەکانی لێبووە.[٩٠]و مەسیحیەکان لە سەدەی چوارەم دا لە خوراساندا بەرێژەیەکی کەم هەبوون، بە جۆرێک لە یەهودیەکان کەمتر بوون.[٩١]

**تەوەری پێنجەم: یەهودی**

یەهودییەکانی خراسان کەم وپەرتەوازە بوون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەم ئاینە بوونی هەبووە، بەنمونە لە هەواڵێکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەم تێیدا هاتووە لە خوراساندا یەهودی هەیە و ژمارەشیان زۆرە[٩٢]،وا دیارە ئەم ژمارە زۆرەی یەهودی لە سەدەی سیانزەی کۆچی کەم دەکات، چونکە لە سەرچاوەی ئەم ماوەیەدا ئاماژە بە یەهودییەکانی خوراسان کراوە کە کەم بوون وزۆر ناگرنگ بوون وکەم رۆڵ بوون.[٩٣]

**تەوەری شەشەم: مانەویەت**

مانەویەت وەک ئاینێکی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران لە خوراساندا بوونی هەبووە، وهەواڵی ئەم ئاینە لە سەرچاوەکاندا هەیە. بەڵام مانەویەکان لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا زیاتر وەک بەشێک لە ئاینی زەردەشتی یاخود جۆرێکی بێ باوەڕی (زەندەقە) ئەژمار کراوە، بەنمونە بۆ ئاینەکانی وەک زەردەشتی وتراوە (اصناف المجوسية)، یاخود وەسفکراون بە (کۆمەڵێک نزیک لە هرات هەن کە سپی پۆشن و ئاینیان شتێکە نزیک لە زەندەقە)، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئاینی مانەویەت لە خراساندا بوونی هەبووە و تاوەکو سەدەی چوارەم ڕێژەی بەرچاویان لە خوراساندا ماوە.[٩٤]

---

(٨٧) آرتور کرستين سن: م.پ، ص ٧٦.

(٨٨)السمعاني: م.س، ج٢، ص ٦٤ ؛ ئێمە دەڵێین بە هەموو پێوەرێک ئەمە باسی ئەو دوو پەیکەرەیە کە لە شاری بامیانی ئەفغانستانی ئەمڕۆکە هەبوون و لەلایەن هێزە چەکدارە ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە لە ئەفغانساتن تەقێندرایەوە. (توێژەر)

(٨٩) بۆ ئەم زانیاریە وزانیاری دیکە لەسەر ئاینی مەسیحی لە خوراسان بڕوانە: (أبو ريحان البيروني: الآثار الباقية عن القرون الخالية، تح/ پرویز ازکایی، ط١، مرکز نشر میراث مکتوب، تهران، ١٣٨٠ش، ص٣٦٥).

(٩٠) م.س، ص١٥٩.

(٩١) المقدسی: م.س، ص ٣٢٣.

(٩٢)المقدسی: ن.م.

(٩٣)شیروانی: بستان السياحة، م.پ، ص٥٨.

(٩٤) المقدسی: م.س، ص ٣٢٣ ؛ منصور سيد سجادی: م.س، ص ٣٢٥_٣٢٦.

**ئەنجام**

پاش ئەوەی ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا دەربارەی هەرێمی خوراسان وشارەکانی وپێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکانی لە سەدەی چوارەم وپێنجەمی کۆچی / دەیەم ویانزەیەمی زاینی، گەیشتینە چەند ئەنجامێکی زانستی کە ئەمانەن:

١. هەرێمی خوراسان هەرێمێکی فراوان بووە و چەندین ئاینی لەخۆ گرتووە و نیشتمانی چەندین نەتەوە بووە.

٢. ئەم هەرێمە لەڕووی نیشتەجێ بوونەوە خاوەنی چوار شاری گەورە و مێژوویی بووە، کە شارەکانی ڕیشەی دروستکردنیان بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، هەندێ کات دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین.

٣. ئەم هەرێمە ئەگەرچی چەند نەتەوەیەکی ڕەسەنی تێدا ژیاوە، بەڵام چەندین نەتەوەی تر لەڕێگەی کۆچ ورەوەوە بوونەتە هاوزێدی نەتەوە ڕەسەنەکان.

٤. هەرێمەکە بە درێژایی مێژوو شوێنی بڵاوبوونەوەی چەندین ئاینی گەورەی جیهانی وەک یەهودی و زەردەشتی وبودایی ومەسیحی و ئیسلام بووە.

**لیستی سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

١. ابن الاثیر:أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني الجزري (ت٦٣٠هـ)الكامل في التاريخ، د.ط، دار الصادر، بيروت-١٩٦٥.

٢. ابن بلخی: ناو وناونیشانی نەناسراوە- (٥١٠هـ)فارسنامه ابن بلخی، تح/ منصور رستگار، چ١، بنیاد فارس شناسی، شیراز-١٣٧٦ش.

٣. ابن تغری بردی: جمال الدين أبي المحاسن يوسف(٨٧٤هـ )النجوم الزاهرة فی ملوک مصر والقاهرة، ط٢، مطبعة دار كتب العلمية، مصر-د.س

٤. ابن خرداذبه: أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله بن أحمد(ت حوالي ٣٠٠هـ)المسالک والممالک، ط١، مطبعة دار الصادر، بيروت-١٩٩٢

٥. ابن رستة: أحمد بن عمر- ت بعد سنة (٢٩٠هـ) الأعلاق النفيسة، ط١، دار الصادر، بيروت-١٨٩٢.

٦. ابن فقيه الهمداني: أبي عبدالله أحمد بن محمد بن إسحاق(٢٩٠هـ)كتاب البلدان، تح/ يوسف الهادي، ط١، مطبعة عالم الكتب، بيروت- ١٩٩٦.

٧. ابو حنيفه الدينوري: ابو حنيفه احمد بن داود(٢٨٢هـ) الاخبار الطوال، تح/ عبدالمنعم عامر وجمال الدين شيال، د.ط، منشورات الرضی، ایران/قم-١٣٦٨ش.

٨. الأصطخري: أبو إسحاق إبراهيم بن محمد(٣٤٦هـ)المسالک والممالک، تح/ محمد جابر عبدالعال حينى، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة- ٢٠٠٤

١. اعتماد السلطنة: محمد حسن بن علي (١٣١٣هـ)- مرآة البلدان، محقق: عبدالحسين نوايى وهاشم محدث، چ١، انتشارات دانشگاه تهران، تهران-١٣٦٧ش.- تطبيق لغات جغرافيايى قديم وجديد ايران، تح/ هاشم محدث، چ١، انتشارات امير كبير، تهران-١٣٦٣ش.

٩. البكري: عبدالله بن عبدالعزيز بن محمد بن أيوب بن عمر(٤٨٧هـ)معجم ما استعجم من أسماء البلاد والمواضع، تح/ سقاء مصطفى، ط٣، مطبعة عالم الكتب، بيروت-١٤٠٣هـ .

١٠. البيروني: أبو ريحان محمد بن أحمد (ت ٤٤٠هـ)- الآثار الباقية عن القرون الخالية، تح/ پرويز ازكايى، ط١، مركز نشــر ميراث مكتوب، تهران، ١٣٨٠ش.- تحقيق ماللهند من مقولة معقولة في العقل او مرذولة، تح/ احمد ارام، ط٢، عالم الكتب، بيروت، ١٤٠٣هـ .

١١. إبن فندق: على بن زيد (٥٦٥هـ) تاريخ بيهق، چ٣، كتابفروشى فروغى، تهران، ١٣٦١ش.

١٢. الحميرى: أبو عبدالله محمد بن عبدالمنعم الصـنهاجي الحميري (٧٢٧هـــ)الروض المعطار فى خبر الأقطار، تح/ احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت-١٩٨٤.

١٣. السـمعاني: أبو سـعد عبدالكريم بن محمد بن منصـور التميمى-(٥٦٢هـــ)الأنسـاب، تح/ عبدالرحمن معلمي، ط١، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدرآباد- ١٣٨٢هـ .

١٤. سيفى هروى: سيف بن محمد (٧٢١هـــ)پيراسته تاريخنامه هرات، چ١، انتشارات بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران-١٣٨١ش

١٥. شـادى: نواده مهلب پسـر محمد پسـر شـادى (قرن ٦ هـــ) مجمل التواريخ والقصـص، تح/ ملك الشـعراء بهار وبهجت رمضان، چ٢، كلاله خاور، تهران-د.س.

١٦. شيروانى: زين العابدين بن اسكندر(١٢٥٣هـ)بستان السياحة، چ١، انتشارات كتابخانه سنائى، تهران- ب.س.

١٧. الفارقي: أحمد بن يوسـف بن علي إبن الأزرق (٥٧٧هـــ) تاريخ ميافارقين، تح/ كريم فاروق الخولى ويوسـف بالوكن، ط١، مطبعة نوبهار، استانبول-٢٠١٤.

١٨. قدامة: أبو الفرج قدامة بن جعفر البغدادي (٣٢٠هـــ)الخراج وصناعة الكتابة، تح/ محمد حسين زبيدى، ط١، دار الرشيد للنشر، بغداد-١٩٨١.

١٩. القزويني: زكريا بن محمد- (٦٨٢هـ) آثار البلاد وأخبار العباد، ط١، دار الصادر، بيروت-١٩٩٨ز.

٢٠. كلاويخو: روى گونسالس دو كلاويخو (١٤١٢هـــ)سفرنامه كلاويخو، تر: مسعود رجب نيا، چ٥، شركت انتشارات علمى فرهنگى، تهران-١٣٨٤ش.

٢١. گرديزى: أبو سعيد عبد الحي بن الضحاك بن محمود (ت ٤٣٣هـ)زين الأخبار، چ١، انتشارات دنياى كتاب، تهران-١٣٦٣ش.

٢٢. المسعودى: أبو الحسن علي بن الحسين (٣٤٦هـــ)مروج الذهب ومعادن الجوهر، تح/ كمال حسن مرعى ، ط١، مطبعة العصرية، بيروت- ٢٠٠٥.

٢٣. المقدسي: شمس الدين محمد بن أبي بكر البناء- (٣٩٠هـــ) أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط٢، دار الصادر، بيروت- (د.س) .

٢٤. نظام الملك: أبو علي حسن بن أسحق الطوسى (٤٨٥هـــ)سياست نامه، چ٤، انتشارات علمى وفرهنگى، تهران، ١٣٧٨ش.

٢٥. نيشـابورى: ابو عبدالله حاكم(٤٠٥هـــ)تاريخ نيشـابور، تر: محمد بن حسـين خليفهء نيشـابورى، تصـحيح: محمد رضا شفيع كدكنى، ط١، انتشارات آگه، تهران، ١٩٩٦.

٢٦. اليعقوبى: أحمد بن إسـحاق(٢٨٤هـــ)- تاريخ اليعقوبى، تح/ محمد صـادق بحر العلوم، ط١، منشـورات المكتبة الحيدرية، العراق –النجف، ١٩٦٤ز.- البلدان، تح/ محمد امين ضناوى، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-١٤٢٢هـ .

**لیستی سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی عەرەبی:**


١. حكيم أحمد خوشناو: الكرد وبلادهم عند البلدانيون والرحالة المسلمين، ط١، دار الزمان، دمشق-٢٠٠٩.

٢. كى ليسترنج: بلدان خلافة الشرقية، تر: بشير فرنسيس وكوركيس عواد، ط١، مطبعة شريف رضا، قم- ايران - ١٤١٣هـ .

٣. محمد حسن العمادى: خراسان فى العصر الغزنوى، ط١، دار الكندى للنشر والتوزيعات، الأردن-١٩٩٧.

٤. محمود شاكر: خراسان، ط١، المكتب الأسلامى، بيروت-١٩٧٨.


**لیستی سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی فارسی:**


٥. أحمد رنجبر: خراسان بزرگ، چ١، انتشارات امير كبير، تهران-١٣٦٣ش

٦. آرتوركرستين سن: ايران در زمان ساسانيان تر: رشيد ياسمى، ، چ٦، دنياى كتاب، تهران-١٣٦٨ش.

٧. بصير احمد دولت آبادى: شناسنامه افغانستان، چ٤، انتشارات محمد ابراهيم شريعتى افغانستانى (عرفان)، تهران_١٣٨٧ش.

٨. سيد صادق سجادى: تاريخ برمكيان، چ١، بنياد موقوفات دكتر محمود افشار، تهران، ١٣٨٥

٩. سيد محسن: تاريخ شهرهاى خراسان- بلخ، پايگاه مجلات تخصصى نور، شماره ٥، تهران، ١٣٦٦ش

١٠. سيد محمد باقر مصباح زاده: نگاهى مختصر به تاريخ اقوام در افغانستان، د. چ، انتشارات مرنديز، ايران- مشهد- د.س.

١١. عباس قديانى: فرهنگ جامع تاريخ ايران، چ٦، انتشارات آرون، تهران-١٣٨٧ش

١٢. عبدالحى حبيبى: تاريخ افغانستان بعد از اسلام، چ١، انتشارات افسون، تهران-١٣٨٠ش

١٣. على كرم همدانى: خراسان، دائرة المعارف بزرگ اسلامى، چ١، انتشارات مركز دائرة المعارف بزرگ اسلامى، تهران-١٣٦٧ش، مج٢٢

١٤. فيض محمد كاتب: نژادنامهء افغان، مقدمه وتحشيه/ حاج كاظم يزدانى، چ١، مؤسسه مطبوعاتى اسماعيليان، ايران/قم-١٣٧٢ش

١٥. محمد مهريار: فرهنگ جامع نامهاى كهن اصفهان، چ١، انتشارات فرهنگ مردم، اصفهان-١٣٨٢ش

١٦. منصور سيد سجادى: مرو، چ١، انتشارات سازمان ميراث فرهنگى، تگران-١٣٨٣ش

١٧. واسيلى ولادميروويچ بارتولد: تركستان نامه، ترجمه: كريم كشاورز، چ٢، انتشارات آگاه، تهران-١٣٦٦ش .